# کوور.دیلمون.کی (𒆳𒉌𒌇𒆠) ئەفسانەی بەهەشتی سۆمەری

**فرهاد عزیز حسن**

بەشی زمانی کوردی- کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەدین- هەرێما کوردستانێ/ عیراق

**مولود ابراهیم حسن**


زانکۆی سەلاحەدین- خانەنشین

**پوختە**

کۆمەڵگەی سۆمەری کۆنترین کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ڕۆژگاری دێرینە کە لەڕێگەی ئەفسانەسازی، هەوڵی تۆماری تێڕوانین و جیهانبینی خۆیان سەبارەت بە ژیان و گەردوون داوە. سۆمەرییەکان بەهۆی داهێنانی نووسین، توانیویانە ئەفسانەکانیان لەسەر دەبەقوڕ (دوب/دەب 𒁾) تۆمار بکەن. یەکێک لە کۆنترین ئەفسانە تۆمارکراوەکانی سۆمەری کە بۆ ئەم سەردەمە گواستراوەتەوە، ئەفسانەی (کوور.دیلمون.کی)یە. دیلمون یان کوێستانی دیلمون لە ئەفسانەی سۆمەریدا هەمان ئەم شوێنە پڕ نهێنی و دڵویستەیە کە لە فەرهەنگ و ژیاری مرۆڤایەتی بە بەهەشت ناسراوە. لەم ئەفسانەیەدا دیلمون بە شوێنێکی نایاب و جوان و ڕازاوە وەسفکراوە. کوێستانێکی ڕازاوە کە خواوەند ئین.کی 𒆳𒂗𒆠 بنیاتی ناوە و لە قووڵایی زەوی ئاوی شیرین و سازگاری بۆ دابین کردووە. ڕووداوەکانی ئەم ئەفسانەیە نیشاندەری تێڕوانینی سۆمەرییەکانە بۆ بابەتی بنیاتنانی شارستانییەتی دێرینی مرۆڤایەتی لە ناوچەی میزۆپۆتامیای سەروو و هەروەها وێنەیەکی دوورتری بەسەرهاتی ئادەم و حەوا و بەهەشتی عەدەنی دینە ئاسمانییەکان بەرجەستە دەکا. لەم توێژینەوەیەدا بەپێی تیۆری شیکاری ئەفسانەیی، هەوڵی شیکردنەوەی دەقی ئەم ئەفسانە دێرینە سۆمەرییە دراوە. هەروەها بەمەبەستی تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ئەم دەقە، ڕاستەوخۆ کار لەسەر دەقە سۆمەرییەکە کراوە. یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە مەبەست لە (کوور.دیلمون.کی) کوێستانە ڕازاوەکانی کوردستان بووە.

**وشە سەرەکییەکان:** *ئەفسانە، کوور.دیلمون.کی، بەهەشتی سۆمەری، کوێستانەکانی کوردستان، میزۆپۆتامیا.*

## ۱. پێشەکی

ئەفسانەی سۆمەری پیشاندەری مێژوو و شارستانییەت و جیهانبینی کۆمەڵەیەکی مرۆییە کە لە کۆنترین ڕۆژگارەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان ئاوەدان کردۆتەوە و دەستێکی باڵایان لە بنیاتنانی شارستانییەتدا هەبووە. ئەفسانەی سۆمەری هەڵقوڵاوی بیروباوەڕ و تێڕوانینی کۆمەڵگەی سۆمەری بۆ ژیان و گەردوونە کە لە ماوەی چەندین هەزار ساڵ سیمایەکی دیاری وەرگرتووە. ناوی سۆمەر بە بەراوردکردن لەگەڵ مێژووی ژیاری گەلانی سۆمەری نەژاد، ناوێکی نوێیە و لە بنەڕەتدا سۆمەرییەکان بەم ناوە خۆیان نەناساندووە. بەپێی دەقە سۆمەرییەکان، کۆمەڵگەی سۆمەری بە ناونیشانی (کی. ئێن. جی ) خۆیان دەناسێنن کە بە مانای خەڵکی ڕەسەن دێ. بێگومان ئەم ناونیشانە شیاوی سۆمەرییەکانە، چونکە مێژوو و شارستانییەتی سۆمەریی سەلمێنەری ئەم ڕەسەنایەتییە بووە. هەروەها سۆمەرییەکان خۆیان بە (ساگ . سەر )یش ناوبردووە کە لەلایەن سۆمەرناسانەوە بە (سەر ڕەش) یان (ئەسمەر) لێکدراوەتەوە. ئەوەی ڕاستی بێ سۆمەرییەکان بەهۆی داهێنانە مەزن و پێشکەوتنەکەیانەوە، لەڕادەبەدەر شانازیان بەخۆیانەوە کردووە و ئەم شانازییە لەم ناوەدا بەدیدەکرێ. مانای (ساگ.سەر) بەپێچەوانەی سۆمەرناسانەوە کە بە سەر ڕەش لێکیانداوەتەوە، بەمانای (ژیر)ە. ساگ بە زاری سۆمەری واتا ژیر، لە زمانی ئێستای کوردیدا لە وشەی (سەگ)دا ئەم مانایە هەر وەکوو خۆی ماوەتەوە. کەواتە سۆمەرییەکان لە دەقەکانیاندا هەم بە خەڵکی ڕەسەن و هەم بە ژیر و زانا خۆیان ناساندووە.

زێد و نیشتمانی ڕەسەن و دێرینی سۆمەرییەکان، باکووری ئەم ناوچە جوگرافییە بووە کە دوای هەزارەی شەشەم و پێنجەمی پ.ز تێیدا نیشتەجێبوونە. ئەزموونی چەندین هەزار ساڵەی ڕابوردوو و کۆچ و دابەزین بەرەو خوارووی میزۆپۆتامیا، بۆ هەمیشە لە یادگەی سۆمەرییەکانی دانیشتووی دەشتەکانی نێوان دوو ڕووباری دیجلە و فورات ماوەتەوە. بیرەوەری نیشتمانی دێرین لە زمان و ئەدەبی سۆمەریدا لە چەمکی (کوور)دا ماوەتەوە کە بە مانای (چیا، کوێستان، نیشتمان، زێد، شوێنی پیرۆز) بووە. ناوی کوور لە زمانی سۆمەریدا کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی لێوە درووستدەبێ، بۆ نموونە (با.کوور ) بە مانای (بای چیا) یان بای شەماڵ کە لە ئەدەبی سۆمەریدا زۆر بەکارهاتووە و لە زمانی ئێستای کوریدا وشەی (باکوور) بە مانای ئاراستەی جوگرافی ژووروو بەکاردەبرێ. بێگومان ئەم بایەی لە کوورەوە بەرەو ناوچەی سۆمەری هاتووە بایەک بووە کە لە هەرێمەکانی سەروو واتا لە کوردستانەوە بەرەو نیشتمانی سۆمەر هەڵیکردووە.

ناوی کوور لە ناونانی پەرستگە پیرۆزەکانی سۆمەریدا نموونەیەکی دیاری بەپیرۆز ڕوانینی سۆمەرییەکان بۆ چیاکان بووە، بۆ نموونە گرنگترین پەرستگەی سۆمەری

بەناوی (ئی.کوو 𒂍𒆳) کە تایبەت بووە بە (خواوەند ئین.لیل 𒀭𒂗𒆤) بەمانای (خانووی پیرۆزی چیا) بووە. بەپێی دۆزینەوە شوێنەوارییەکان پەرستگەی سۆمەرییەکان لەسەر تەپۆلکە یان گردێکی بەرز بنیات نراون، تاکوو خواوەندەکانیان لە بەرزترین شوێنەوە بپەرستن. بەم چەشنە پەرستگە نموونەیەکی ڕەسەنی چیای پیرۆزە کە شوێنی ژیان و نیشتەجێبوونی خواوەندەکانیان بووە و هەر بەم هۆیەوە پەرستگەکانیان بەناوی (ژیانی چیا) ناوناوە.

کوور.دیلمون.کی (𒆳𒉌𒌇𒆠) نیشتمانی هەرە جوان و ڕازاوەی ئین.کی(𒀭𒂗𒆠)، ئەو نیشتمانەی نە مردنی تێدایە نە ناخۆشی و نە نەخۆشی. سۆمەرییەکان ئەم نیشتمانە بە شوێن و زێدی ڕەسەنی خۆیان دەزانن و پێیان وایە باوباپیرانیان لەم نیشتمانەوە بەرەو خوارووی کۆچیان کردووە. بیرەوەری زێد و نیشتمانی ڕەسەنی سۆمەری لە کۆنەستی ئەم کۆمەڵەیەدا جێگیر بووە و بەم هۆیەوە لە ئەدەبیاتەکەیاندا ئەم نیشتمانە وەکوو جوگرافیایەکی ئەفسانەیی و پیرۆز بە بەردەوامی یادکراوەتەوە. یادەوەری ئەم نیشتمانە لەلایەن سۆمەرییەکانەوە لە ئەفسانەیەکدا بە ناوی (کوور.دیلمون.کی 𒆳𒉌𒌇𒆠)دا پارێزراوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە: بێگومان ئەدەبیاتی سۆمەری و جیهانبینی کۆمەڵگەی دێرینی سۆمەری بۆ ژیان و گەردوون و خواوەند و مرۆڤ، کۆنترین تێڕوانینەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەخۆدەگرن و لەم ناوەندەدا کوردستان لەم ئەدەبیاتەدا جێگە و پێگەیەکی شایانی هەبووە؛ بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی زێد و نیشتمانی ڕەسەنی سۆمەرییەکان کە لە ئەفسانەی نیشتمانی پیرۆز و نەمریی، واتا کوور.دیلمون.کی (𒆳𒉌𒌇𒆠)دا تۆمار کراوە.

میتۆدی توێژینەوە: بەپێی ڕێبازی چۆنییەتی و بە پشتبەستن بە تیۆرەکانی شیکاریی ئەفسانەیی، هەوڵدراوە بنەما سەرەکیی و تێڕوانینە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی سۆمەری سەبارەت بە ژیان و گەردوون و ئافراندنی یەکەمین نیشتمانی پاک و بێگەرد شیبکرێنەوە کە لە چوراچێوەی دەقێکی ڕەسەنی سۆمەری بە ناونیشانی ئەفسانەی کوور.دیلمون.کی دا تۆمار کراوە.

پرسیاری توێژینەوە: دەقی ئەفسانەی کوور.دیلمون.کی، کۆمەڵێک پرسیاری لێدەبێتەوە کە بریتین لە: یەکەم، ئایا دیلمون وەکو نیشتمانی ڕەسەن و پیرۆزی سۆمەری پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە؟ ئایا ئەفسانەی کوور.دیلمون.کی پیشاندەری جیهانبینی و تێڕوانینی سۆمەرییەکان بۆ بنەچەی مرۆڤ و سەرەتای ژیانە؟ چ پەیوەندییەک لەنێوان نیشتمانی دیلمون و بەهەشتی ئەفسانەیی و کوردستانی دێریندا هەیە؟

ئامـــانجی تـــوێژینەوە: ئامـــانجی ئەم تـــوێژینەوەیە ئەوەیە دەیەوێ بیســـەلمێنێ کوور.دیلمـــون.کی، هەمـــان کوردســـتانی دێـــرینە کە ســـۆمەرییەکان لەوێـــوە دابەزیـــون و شارستانییەتێکی نوێیان لە باشووری میزۆپۆتامیادا بنیات ناوە.

ســـنووری تـــوێژینەوە: ســـنووری تـــوێژینەوەکە دەقـــی ســـۆمەریی ئەفســـانەی کوور.دیلمون.کی (𒆳𒉌𒌇𒆠)ە و توێژەر ڕاستەوخۆ کاری لەسەر تابلۆ گڵینەکەی ئەم ئەفسانەیەدا کردووە. ئەم تابلۆ گڵینەیە لە ماڵپەڕی تابلۆ گڵینە دیجیتاڵییەکان بە ژمارەی (P469514=CDLI)دا پارێزراوە.



کێشەی توێژینەوە: زۆربەی توێژەرانی بواری سۆمەرناسی، لە توێژینەوەکانیاندا ڕۆڵ و پـێگە و گرنگیـی کوردسـتان و کولتـوور و شارسـتانییەت و زمـانی گەلـی کوردیـان لەبەرچاو نەگرتووە، بۆیە بەزۆری لە لێکدانەوەی ناوی جوگرافیایی، مانای بنەڕەتی وشە و دەسـتەواژەکان و تەنـانەت نـاوەڕۆکی ئەفسـانە سـۆمەرییەکاندا تووشـی هەڵەبـوونە. ئەمەش کێشەیەکی سەرەکییە و هەوڵی ڕاستکردنەوەیان دراوە.

## ٢. کوور.دیلمون.کی (𒆳𒉌𒌇𒆠)

کوور.دیلمون.کی لە بنەڕەتدا لە سێ بەش پێکهاتووە: هەردوو هێمای (کوور 𒆳) و (کی𒆠) لە زمانی سۆمەریدا ئامرازی دیارخەرین. لە پێش یان لە پاش ناو دەردەکەون و دیارخەری جۆری ناوەکەن لەڕووی شوێنەوە. (کوور) بەمانای چیا وەکوو پێشگر دەکەوێتە سەر ناو و ئاشکرا دەکا ئەو ناوەی لە پاشان دێ، ناوچەیەکی شاخاوی و کوێستانە. (کی) بەمانای شوێن و جێ، وەکوو پاشگر لە پاش ناو دەردەکەوێ و ئاشکرادەکا ناوەکە ناوی شـوێنێکی جوگرافیـاییە. (دیلمـون𒉌𒌇) نـاوێکی لێکـدراوە و لە دوو بەش پێکهـاتووە (دیـل) واتـا ژیـان و (مـون) واتـا مـانەوە، پـێکەوە بە مانـای (لە ژیـان مـانەوە)یە و هێمـایە بـۆ (نەمری). کەواتە بەشێوەیەکی بنەڕەتی (کوور.دیلمون.کی) واتا کوێستانی ژیانی نەمرانە.


### ٢-١: نیشتمانی پاک و ڕازاوە

دیلمون لە ئەفسانەی سۆمەریدا ئەم نیشتمانە پاک و ڕازاوە و پیرۆزەیە کە لەلایەن خواوەنـد ئین.کـی(𒀭𒂗𒆠)ەوە دامەزراوە. لەم نیشـتمانەدا کە شـوێنی مـانەوە و ئاسـوودەیی خواوەنـد و دواتـر مـرۆڤە پاکەکـانە، پیـری، مەرگ، نەخۆشـی، ناخۆشـی، پیسـی، دڵەڕاوکـێ و ...هتد بەدیناکرێ. ئەم دەقە بەم جۆرە دەسپێدەکا:




| دەقی سۆمەری | شێوازی خوێندنەوە | مانا |
|---|---|---|
|  | ئیری.کی<br>کوو.گا.ئەم<br>ئن.نێ<br>با.ئەم مێ.ئێن.زێ.ئێن<br>کوور.دیلمون.کی<br>کوو.گا.ئەم | وارێکی<br>کۆکە(ڕازاوەیە)<br>ئەوانەی<br>دەمێننەوە تێیدا مەزنن<br>کوێستانی دیلمون<br>کۆکە(ڕازاوەیە) |
|  | کی.ئین.جی کوو.گا<br>ئن.نێ<br>با.ئەم مێ.ئێن. زێ.ئێن<br>کوور.دیلمون.کی<br>کوو.گا.ئەم | سۆمەرستان کۆکە<br>ئەوانەی<br>دەمێننەوە تێیدا مەزنن<br>کوێستانی دیلمون<br>کۆکە(ڕازاوەیە) |

دوو دێڕی یەکەمی ئەم دەقە بەمجۆرە پەسنی نیشتمانی دیلمون کراوە. لە دێڕی یەکەم دیلمون وەکو نیشتمان و وارێکی کۆک و ڕازاوەی دەناسێنرێ و پێیوایە ئەوانەی تێیدا دەژین، مەزن و شکۆدارن. لە دێڕی دووەمدا هەمان بابەت بۆ (کی ئین جی  ) نیشتمانی سۆمەر دووپات کراوەتەوە. بێگومان سۆمەرییەکان لە سەردەمی دامەزراندنی شارستانییەتەکەیان لە خوارووی میزۆپۆتامیا، هەرێم و جوگرافیای نیشتەجێبوونی خۆیان بە (کی.ئن.جی) واتا ڕەسەن ناوناوە. لە زمانی کوردیدا ئێستا لەبری ئەم دەستەواژەیە زاراوەی (ئاکینجی) واتا هاوڵاتی ڕەسەن و هەروەها واری ڕەسەن بەکاردەبرێ. بەم چەشنە دەبێنین لە ئەدەبیاتی سۆمەریدا کوێستانی دیلمون و واری سۆمەرییەکان بەیەک دادەنرێن. واتا دیلمون نیشتمانە ڕەسەن و دێرینەکەیە و سۆمەر نیشتمانە ڕەسەن و تازەکەی کۆمەڵگەی سۆمەرییەکانە. کەواتە لە جیهانبینی سۆمەریدا دیلمون و سۆمەر هاوسانن.

**٢-٢: دیلمون نیشتمانی یەکەمی خواوەندان**




لە دێڕی (٥-١٠)دا ئاماژە بەوە کراوە کە لەم کوێستانە ڕازاوە و پیرۆزەدا سەرەتا تەنیا خواوەند ئین.کی و هاوسەرە جوانەکەی بەناوی (خواوەند نین.سیکیلا  ) پێکەوە بە ئاسوودەیی و لە باوەشی یەکدیدا دەخەوتن و ژیانێکی ئاسوودەیان هەبوو. ئەم نیشتمانە بەهۆی ئەم دوو خواوەندەوە، جێیەکی ژیکەلە و جوان و کۆک بووە. نین سیکیلا لە بنەڕەتدا وەکوو ئاوڵناو و ناسناوێکە بۆ هاوسەری خواوەند ئین.کی و بەواتای خاتوونی ژیکەلە و قەشەنگە. لەم سێ دێڕەی خوارەوەدا وەسفی پێکەوەبوونی ئەم دوو خواوەندە دەکرێ کە بەهۆی بەیەک گەیشتنی ئەم دوو خواوەندە نێر و مێیە، ژیان و ئاوەدانی بەدیدێن کە هۆکاری دەرکەوتنی یەکەمین کۆمەڵگەی شارستانی لە جیهان بووە. بێگومان یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم ئەفسانەیە وێناکردنی



پرۆسەی بنیاتنانی شارستانییەت لە چوارچێوەی تێڕوانین و جیهانبینی کۆمەڵگەی دێرینی سۆمەرییە کە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەڕێگەی ئاماژە و هێما ئەفسانەییەکان نمایش کراون. لێرەدا مەبەستی ئەفسانەی کوور.دیلمون.کی ئەوەیە ئاشکرای بکا، خواوەندەکان بڕیاریانداوە ژیان و ئاوەدانی درووستبکەن و بەم هۆیەوە سووری گەردوون و ژیان لەژێر چاودێری و فرمان و ویستی خواوەندەکان دایە.

| مانا | شێوازی خوێندنەوە | دەقی سۆمەری |
|---|---|---|
| تەنیا بوون<br>لە دیلمون کی دا<br>هەبوون و دەنووستن | دیلی.نی.نێ<br>دیلمون.کی.کا<br>ئووبی.ئین.نوو |  |
| ئەم شوێنەی (خواوەند) ئین.کی لەگەڵ<br>هاوسەریدا<br>(خواوەند) نین سیکیلا<br>دەنوون و دەمێننەوە | کی.ئێن.کی<br>دام.ئا.نی.دا<br>نین.سیکی.لا<br>با.ئەن دەنووئا.با |  |
| جێیەک بوو ژیکەلە<br>جێیەک بوو کۆک | کی.بی.سیکال.ئا.ئەم<br>کی.بی.کوو.گا.ئەم |  |

**٢-٣: دیلمون نیشتمانی نموونەیی**






لە دێڕی (١١-٢٨)ی ئەم ئەفسانەیە وەسفی کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی کوور.دیلمون.کی کراوە و تێیدا ئاماژە بەوە دراوە کە قەڵەڕەش تێیدا ناقارێنێ، دڕندەکان ئاژەڵەکانی دیکە هەڵنادڕن، هەست بە نەخۆشی و ژانەسەر و دەردە پیری نەدەکرا. پیاوی درۆزن و فێڵبازی لێنەبوو. شینگێڕان و گریانی تێدا نەبوو.

| مانا | شێوازی خوێندنەوە | دەقی سۆمەری |
|---|---|---|
| لە دیلمون دا<br>باڵندەی قەڵەڕەش<br>گارە گاری<br>لێوەنایێ | دیلمون.کی.ئا<br>ئوو.گا.موشن<br>گوو.گوو<br>نوو.موو.نی.بێ |  |
| بەوری دڕنە<br>کارۆکە(بەرخی)<br>نەدەدڕی | ئوور.بار.را.کێ<br>سیلا<br>نوو.ئوب.کار.ری |  |
| سەر ئێشاو<br>ناڵەی هەی سەرم دێشێ | ساگ.گیگ.گێ<br>ساگ.گیگ.مێ.ئێن |  |

| لێوە نایێ | نوو.موو.نی.بێ |  |
|---|---|---|
| نێری (پیاوی)<br>لێڵ و فێڵبازی<br>لێ نامێنێتەوە | نەر.ئی<br>ئی.لوو.لام<br>نوو.موو.نی.بێ |  |

**٣: دەسپێکی ژیان**

ڕووداوی سەرەکی لەم ئەفسانەیەدا لە دێڕی (٢٩) بەولاوە دەسپێدەکا کاتێک (خواوەند نین.سیکیلا) گلەیی لە (خواوەند ئین.کی) دەکا کە ئەم نیشتمانەی تەنیا من و تۆی تێدا دەژین، پێویستی بە ئاوی شیرین هەیە تاکوو ژیان و ڤیانی تێدا دابمەزرێ و ئاوەدان ببێتەوە. خواوەند ئین.کی ئەم داوایەی هاوسەرەکەی پەسند دەکا و بڕیار دەدا سەرچاوەی ئاوە پاک و شیرینەکانی ژێر زەوی بەڕووی کوێستانی دیلمون بکاتەوە و سووڕی ژیان لەم نیشتمانەدا بخاتەگەڕ. بۆ ئەم مەبەستە داوای هاوکاری لە خواوەندی خۆر (ئوتوو  ) و خواوەندی مانگ (ناننا ) دەکا و بە پشتیوانی ئەم دوو خواوەندە ئاوی شیرین و پاک لە سەرتاپای کوێستانی دیلمون هەڵدەقوڵێ و ڕووبار و چۆم و کانییەکان پڕئاو دەبن.



| مانا | شێوازی خوێندنەوە | دەقی سۆمەری |
|---|---|---|
| ئەی (خواوەندی خۆر) ئوتوو<br>بۆ ئانێ (بەهەشتێ)<br>گاڤ باوێ<br>(هەنگاو هەڵبڕە، دەرکەوە) | ئوتوو<br>ئان.نا<br>گاب.بی.ئی |  |
| لە ماڵی پڕ لە سوور و خۆشی<br>نانناى خواوەندی مانگەوە. | ئی.سوور.سی<br>ناننا.ئا.تە |  |
| لە کەوری زەوییەوە<br>دەرکەوە و<br>بە ئاوی شیرین<br>بەرەو ڕوومان وەرە | کا.ئا.کی.ئا<br>دوو.دوو.تا<br>ئا.دوو.کی. تا<br>موو.نا.را.دوو |  |
| بەم هۆیەوە<br>لە درزە گەورەکەیەوە<br>ئاو بەخوڕ هاتەدەرێ | گیری.ما.ئان<br>گال.لا.زا<br>ئا.هێ.ئێ.تا.ئێ.دێ |  |
| دیلمون<br>ئاوی بەسەردا هەڵگەڕا<br>و مرپوو | دیلمون.کی<br>ئا.هێ.گال.لا<br>هوو.موو.ڕا.نە.نا |  |



**٣-١: بەیەک گەیشتنی ئاو و خاک**

یەکێک لە خواوەندە کاریگەرەکانی ئەفسانەی سۆمەری (خواوەند نین.توو 𒀭𒊩𒌆𒌅)ە کە لە ئەفسانەی بەهەشتی سۆمەریدا وەکوو هاوسەر و ڕاوێژکاری خواوەند ئین.کی دەردەکەوێ. بەپێی ئەفسانەی کوور.دیلمون.کی، ئەم خواوەندە بە پارێزەری خاکی بەپیت و پاکی دیلمون و هەروەها بە دایکی نیشتمان و خواوەندی وەچەنانەوە ناسراوە. (نین.توو) لە زمانی سۆمەریدا واتا (نەنێی تۆم) کە هەمان خاتوونی وەچەنانەوەیە. لە ئەنجامی بەیەک گەیشتن و ئاوێتەبوونی خواوەند ئین.کی (خواوەندی ئاوە پاکەکان) و خواوەند نین.توو خواوەندی خاک و زەوی، ژیان و ئاوەدانی بەدیدێن. بەم چەشنە لە دیلموندا واتا لە نیشتمانی ژیانی هەتاییدا، لە ئەنجامی جووتبوونی ئەم دوو خواوەندە کە هەریەکەیان هێمای پێکهاتەیەکی سرووشتن، کۆمەڵە خواوەندێک لەدایکدەبن و هەروەها جۆرەها دارودرەخت و گیاوگۆل دەڕوێن. لێرەوە ژیان و ئاوەدانی لە کوێستانی دیلمون دەسپێدەکا.


**٣-٢: قەدەغەشکێنی**

(خواوەند نین.هوور.ساگ 𒀭𒊩𒌆𒄯𒊕) خاوەنی کێڵگە بەپیتەکانی کوێستانی دیلمون، سیمایەکی دیکەی خواوەند نینتووە کە لە پرۆسەیەکی نۆ ڕۆژیدا بەهۆی ئاوی (ئین.کی)یەوە، سەرجەم بەروبوومەکان بەباردێنێ و وێڕای ئەمەش کۆمەڵێک خواوەندی لێوە لەدایکدەبن. ئەم نۆ ڕۆژە، بەرانبەر نۆ مانگە کە هێمایە بۆ بەپیتبوونی زەوی و دووگیانبوونی خواوەند کە تێیدا بەهۆی ئاوی خواوەند ئین.کی، زەوی و زێدانی نین هورساگ پیتێنراون. درەخت و باغ و کێڵگەکان بەریان دا و خواوەندەکان لەدایکبوون. نین هورساگ نۆ گیای پیرۆزی ئافراند و چارەنووسی هەریەک لەم ڕووەکانەی دیاریکرد. ئەم نۆ گیایە بەپێی دەقی سۆمەری بریتین لە: گیای توودرک، گیای هەنگوین، گیای زی، گیای ئەسپەر، گیای داری توو، گیای تالیشک، گیای (؟)، گیای داری بەڕوو. نین.هوور.ساگ دوابەدوای ڕواندنی ئەم ڕووەکانە، چارەنووسی هەریەک لەمانەی دیاری کرد و بۆ هەریەکێکیان ناوێکی تایبەتی هەڵبژارد. بەمانایەکی ورتر هەریەک لەم گیایانەی ناودێر کرد. بەپێی فرمانی نین.هوور.ساگ نەدەبوایە ئەم گیایانە بخورێن. بەپێی ئەفسانەی سومەری خواوەند ئین.کی ئەم بڕیار و فرمانەی نین.هوور.ساگی پشتگوێ خست و داوای لە (خواوەند ئیسیموود 𒀭𒉺𒄑) کە ڕاوێژکاری تایبەتی خۆی بوو، کرد یەک یەک ئەم ڕووەکانەی بۆ بێنێ. خواوەند ئیسیموود گیاکانی بۆ خزمەتی خواوەند ئین.کی برد و ئەویش وەریگرتن و خواردنی. لە دەقەکەدا هەندێ لەم گیایانە لەلایەن (ئین.کی)یەوە دەبڕدرێنەوە و هەندێکیشیان کەرت دەکرێن. کەرت کردن یان بڕینەوەی هەر یەک لەم گیایانە تایبەتمەندی ڕووەکەکە نیشاندەدا، بۆیە ئەم دوو کارە لە ڕستەکاندا بەجیا بەکاربراون.

| مانا | شێوازی خوێندنەوە | دەقی سۆمەری |
|---|---|---|
| ڕاوێژکاری پیرۆز خواوەند ئیسیموود ئەوانی هێنا بۆ لای ئەو | سووکال. ئان. نی ئیسیموود. دێ موو. نا. نی ئیب. گی. گی |  |
| سەرومرم ئەمە گیای توودرپک ناوی ئەوە دەبێ | لووگال. موو ئوو. گیش موو. نا. ئەب. بێ |  |
| کەرتی کرد و خواردی | موو. نا. کوو. دێ با. جوو. ئێ |  |
| سەرومرم ئەمە گیای هەنگوین ناوی ئەوە دەبێ | لووگال. موو ئوو. لال موو. نا. ئەب. بێ |  |
| بڕییەوە و جوی (خواردی) | موو. نا. بوورڕێ با. جوو.ئێ |  |
| سەرومرم ئەمە گیای بەردار ناوی ئەوە دەبێ | لووگال. موو ئوو. سار. ڕا موو. نا. ئەب. بێ |  |
| کەرتی کرد و جوی (خواردی) | موو.نا.کوو.دێ با.جوو.ئێ |  |
| سەرومرم ئەمە گیای زی ناوی ئەوە دەبێ | لووگال. موو ئوو. ئا. زی. زی موو. نا. ئەب. بێ |  |
| بڕییەوە و جوی (خواردی) | موو.نا.بوورڕێ با.جوو.ئێ |  |
| سەرومرم ئەمە گیای دار توو ناوی ئەوە دەبێ | لووگال.موو ئووئا.توو.توو موو.نا.ئەب.بێ |  |
| بڕییەوە و جوی (خواردی) | موو.نا.بوورڕێ با.جوو.ئێ |  |
| سەرومرم ئەمە گیای تالیشک ناوی ئەوە دەبێ | لووگال.موو ئوو.ئەش.تال.تال موو.نا.ئەب.بێ |  |
| بڕییەوە و جوی (خواردی) | موو.نا.بوورڕێ با.جوو.ئێ |  |
| سەرومرم ئەمە گیای ... ناوی ئەوە دەبێ | لووگال.موو ئوو ... موو.نائەب.بێ |  |
| کەرتی کرد و جوی (خواردی) | موو.نا.کوو.دێ با.جوو.ئێ |  |
| سەرومرم ئەمە گیای بەڕوو ناوی ئەوە دەبێ | لووگال.موو ئووئام.ها.ڕوو موو.نا.ئەب.بێ |  |
| بڕییەوە و جوی (خواردی) | موو.نا.بوورڕێ با.جوو.ئێ |  |
| خواوەند ئین.کی ئەم گیایانەی بەم شێوەیە ناونران | ئین.کی.کێ ئووئام.بی بی.ئین.تار شا.با |  |

| بن پێی خست | با.نی.ئین.زوو | |
|---|---|---|
| خواوەند نین.هوور.ساگ<br>تووکی<br>لە خواوەند ئین.کی گرت<br>(نەفرەتی لێکرد) | نین.هوور.ساگ.گا.کێ<br>موو<br>ئین.کی<br>نام.ئێریم.با.ئەن.کوو |  |
| دەبێ هەتا ژیان مابێ<br>بەم هۆیەوە<br>دەبێ ژیان (تەندرووستی)<br>بەسەریا نەبارێ | ئی.بی نا.ئەگ.تی.لا<br>ئێن.نا<br>با.ئووگ.گێ.ئا ئی.بی<br>با.را.ئەن بار.رێ.ئێن |  |




**٣-٣: تووڕەبوونی نین.هوور.ساگ**

لە ئەنجامی ئەم نافرمانییە، خواوەند نین.هوور.ساگ لە خواوەند ئین.کی تووڕە دەبێ و تووکی لێدەگرێ و بڕیار دەدا سزای بدا. ئەم سزایەی خواوەند نین.هوور.ساگ بۆ خواوەند ئین.کی داناوە ئەوەیە کە هەتا ژیان مابێ نابێ چاوی بە تەندرووستی بکەوێتەوە. بە هۆی ئەم تووکەوە، خواوەند ئین.کی نەخۆش دەکەوێ و یەک یەک ئەندامەکانی جەستەی لاواز دەبن و لەکار دەکەون. لە ئەنجامی نەخۆش کەوتن و لە پەلوپۆ کەوتنی ئەم خواوەندە، وشکەساڵی و بێ ئاوی ڕوو لە کوور دیلموون کی دەکا. (خواوەندانی ئا.نوو.ناکی ) واتا ئەنجوومەنی خواوەندانی سۆمەر، دەست بە شینگێڕان دەکەن. داوا لە (خواوەند ئێن.لیل )ی سەروەری خواوەندان دەکەن، بە نوێنەرایەتی ئەنجوومەنی خواوەندان لەگەڵ خواوەند نین.هوور.ساگ قسە بکا و داوای لێبکا لە تاوانی ئەم خواوەندە خۆشبێ و ئین.کی

خواوەند نین تەندرووستی بۆ خواوەند ئین.کی بگەڕێتەوە. خواوەند ئێنلیل ڕەوانەی لای خواوەند نین.هوور.ساگ دەبێ و کۆمەڵێک بابەت بەبیر ئەم خواوەندە دێنێتەوە، تاکوو بەڵکوو بەهۆی ئەم خزمەتانەی بەم خواوەندەیان کردووە لە تاوانی خواوەند ئین.کی خۆشبێ و ئاو و ئاوەدانی بۆ کوور دیلموون کی بگەڕێتەوە.


٣-٤: چاکبوونەوەی خواوەند.هوور.ساگ بە ناوبیژوانی خواوەند ئێنلیل و بەمەبەستی دڵخۆشکردنی ئەنجوومەنی خواوەندان بڕیار دەدا لە خواوەند ئین.کی خۆشبێ و بەم هۆیەوە دەچێتە سەر سەرینی ئەم خواوەندە و سەردانی دەکا. لەم سەردانەدا خواوەند نین.هوور.ساگ گفتوگۆیەکی دوور و درێژ لەگەڵ خواوەند ئین.کیدا دەکا و کۆمەڵێک پرسیاری لێدەکا و لە ئازار و ژانەکانی دەپرسێ. بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەم ئازارانە، کۆمەڵە خواوەندێکی بۆ دەخوڵقێنێ و بەم چەشنە لە کۆتاییدا خواوەند ئین.کی جارێکی دیکە

تەندرووستییەکەی بەدەست دێنێتەوە و لە ئەنجامدا کوێستانی دیلمون دووبارە ئاوی تێدا دەگەڕێ و ئاوەدان دەبێتەوە.

| دەقی سۆمەری | شێوازی خوێندنەوە | مانا |
|---|---|---|
|  | نین.هوور.ساگ.گا.کێ<br>ئێن.کی گەل.لا.نا<br>با.نی.ئین.تووش | بەهۆی خواوەند<br>نین.هوور.ساگەوە<br>خواوەند ئین.کی گلایە<br>ناو<br>بارێکی تووشەوە |
|  | شێش.موو ئا.نا.زوو<br>ئا.را.گیگ | براکەم ئەوە تۆ<br>ئازارت هەیە؟ |
|  | ئوو.گوو دیلی.موو ما.گیگ | کێڵگەکانم پەرێشان<br>بوونە |
|  | شێش.موو ئا.نا.زوو<br>ئا.را.گیگ | براکەم ئەوە تۆ<br>ئازارت هەیە؟ |
|  | پا سیکی.موو ما.گیگ | پێدەشتەکانم ئازاریان<br>هەیە |
|  | نین.گیری.ئو.توو<br>ئیم.ما.ڕا.ئان.توو.ئوو | خواوەند نین توولا<br>بۆ تۆ خوڵقێنرا |
|  | شێش.موو ئا.نا.زوو<br>ئا.ڕا.گیگ<br>گیری.موو ما.گیگ | براکەم ئەوە تۆ<br>ئازارت هەیە؟<br>دەگرییێی بە ئازارەوە |
|  | نین.گیری.توو<br>ئیم.ما.ڕا ئان.توو.ئوو | خواوەند نین گیری توو<br>بۆ تۆ خوڵقێنرا |

ئەم گفتوگۆیە بەردەوام دەبێ تاکوو زنجیرەی خوڵقاندنی سەرجەم خواوەندە تەندرووستی بەخشەکان کۆتایی پێدێ کە بریتین لەم هەشت خواوەندە:

١. خواوەند نین.گیری.ئو.توو 

٢. خواوەند نین.ئا.زوو 

٣. خواوەند نین.کا.سی 

٤. خواوەند نا.زی 

٥. خواوەند دا.زی.موو 

٦. خواوەند نین.گیش.زی.دا 

٧خواوەند نین. تی 

هەر یەک لەم خواوەنـدانە بە مەبەسـتی هەتـوانی بـرین و ئازارەکـانی خواوەنـد ئین.کی لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی لەگەڵ خواوەند نین.هوور.ساگ بەدیهاتن و هەر کامیان نـوێنەرایەتی بەشـێکی جەسـتەی خواوەنـد ئین.کـی دەکەن. جـگەلەوە هەر یەک لەم خواوەنـدانە لە دیلمونـدا سـەروەرییەکیان پێبەخشـراوە کە لە بنەڕەتـدا دەسنیشـانکردنی ئەرکەکانیـانە و بەهـۆی ئەم ئەرکـانەوە کوێسـتانی دیلمـون بـۆ هەتـایە هەر بە ئـاوەدانی دەمێنێتەوە و ژیانی تێدا بەردەوام دەبێ. بۆ نموونە خواوەند نین.کا.سی لە دیلموندا ئەرکی کامەرانی پێ سپێردرا، واتا بەهۆی ئەم خواوەندەوە دیلمونییەکان بەختەوەر و دڵشاد دەبن. یان خواوەندن نازی ئەرکیی خاوەنداریێتی نیشتمانی پێدرا. خواوەند نین.تی ئەرکی خۆشەویستیی مـانگی پێدرا. خواوەنـد ئین.سا.ئەگ بە سـەروەری کوێسـتانی دیلمـون دەسنیشـان کـرا و لە کۆتاییـدا بە ڕسـتەی خواوەنـد ئین.کـی ژیـاوە، کۆتـایی بە گێـڕانەوەی ئەفسـانەی کوور.دیلمون.کی دێ.

## ٤- هێما ئەفسانەییەکانی دەقی کوور.دیلمون.کی

دەقی ئەفسـانەی سۆمەری بە هێمـای ئەفسـانەیی تەون دراوە و بەبێ تێگەیشـتن لەم هێمـا ئەفسـانەییانە، شـیکردنەوەی دەقەکـان کـارێکی ئاسـتەمە. دەقـی ئەفسـانەی کـوور دیلموون کی کۆمەڵە هێمایەکی زۆر گرنـگ و وردی تێدا بەدیدەکرێن کە هەر یەک لەم هێمایانە کلیلی دەرگـای گاڵە دراوی جیهانی ئەفسانەکەن. دەشێ هێما ئەفسانەییەکانی ئەم دەقە بەم چەشـــنە دابەش بکـــرێن: هاوســـەرگیری پیـــرۆز، بنیاتنـــانی هاوســـەنگی، قەدەغەشـــکێنی، داتەپـــین، تێکچـــوونی هاوســـەنگی، گەڕانەوە، ئافرانـــدنی خواوەنـــد و دەرکەوتنـــی مـــرۆڤ. هەر یەک لەم هێمایـــانە لە دەقـــی ئەفســـانەکەدا بە ڕۆڵ و ئەرکـــی خواوەنـــدەکانەوە گرێـــدراون و جێبەجێکردنـــی ئەم ئەرکـــانە لەلایەن خواوەنـــدەکانەوە لە کۆتاییدا ڕێکخستنی یاساکانی گەردوون و ژیانی لێدەکەوێتەوە.

### ٤-١: هاوسەرگیری پیرۆز:

هاوســەرگیری پیــرۆز یەکێــک لە گرنگتــرین هێمــا ئەفســانەییەکانی دەقــی (کوور.دیلمـون.کی)ە کە خـۆی لە هێمـای ئـاوێتەبوونی ئـاو و خـاکدا بەرجەسـتە دەکـا. لە ئەفسانەی سۆمەریدا ئین.کی خواوەندی ئاوەز و ئاوە پاکەکانە و لەم ئەفسانەیەدا لە هێمای ئـاودا نیشـاندراوە. لەلایەکـی دیـکەوە خواوەنـد نین.هوور.سـاگ بە سـەرجەم ناسـناوەکانییەوە وەکوو نین.سیکیلا واتا خاتوونی ژیکەڵە و قەشەنگ یان نین توو واتا خاتوونی تۆم، ئەرکی زاوزێ و دایکـایەتی خواوەنـدەکانی لە ئەسـتۆیە و بە هێمـای زەوی نیشـاندراوە. جووتبـوونی ئین.کی و نین.هوور.ساگ لە (کوور.دیلمون.کی)دا بە هێمای بە یەکگەیشتنی ئاو و خـاک

بەرجەستەکراوە و لە ئەنجامی ئەم ئاوێتەبوونە، کۆمەڵێک خواوەند و هەروەها جۆرەها دار و درەخت بەدیدێن. بەم چەشنە دەبێنین یەکەمین شوێنی پیرۆز کە خواوەندەکان تێیدا جووتدەبن، کوێستانە و هەر ئەم کوێستانەش دەبێتە زێدی خواوەندەکانی سۆمەری و هەروەها بە نیشتمانی ڕەسەنی سۆمەرییەکان دادەنرێ.

### ٤-٢: بنیاتنانی هاوسەنگی

لە ئەنجامی هاوسەرگیری نێوان خواوەند ئین.کی و خواوەند نین.هوور.ساگ هاوسەنگی لە کوور.دیلمون.کی دا بەدیدێ و ژیان و ئاوەدانی بەدوادا دێ. یەکەمین هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی ئەم هاوسەنگییە ئافراندنی خواوەندی خۆر واتا خواوەند ئوتوو و خواوەندی مانگ واتا خواوەندی ناننایە کە بەهۆی دەرکەوتنی ئەم دوو خواوەندە سووڕی گەردوون دەسپێدەکا و شەو و ڕۆژ بەدیدێن. هەڵقوڵانی ئاو لە قووڵایی زەوی و تەقینەوەی کانیاوەکان، پەیوەستن بە خولی مانگەوە، بۆیە لە دەقی ئەم ئەفسانەیەدا مانگ وەکوو هێمایەک بۆ دەرکەوتنی ئاوی شیرین و سازگار هەڵسووکەوتی لەگەڵدا دەکرێ؛ چونکە دوای داواکاری هاوسەرەکەی بۆ هێنانی ئاوی شیرین بۆ کوێستانی دیلموون، خواوەند ئین.کی داوا لە خواوەندی خۆر دەکا هەنگاو هەڵبرێ و دەست بە سووڕی سرووشتی خۆی بکا، تاکوو مانگ دەرکەوێ و لە ئەنجامدا ئاوی ژێر زەوی بەرەو سەر زەوی هەڵقوڵێ و کارێز و ڕووبارەکان پڕ ئاو ببن.

### ٤-٣: قەدەغەشکێنی

دیلموون هێمای زێدانی خواوەند (نین.هوور.ساگ)ە کە بەهۆی ئاوی خواوەند (ئین.کی)یەوە پیتێنراوە و ئامادەکراوە بۆ ئەوەی ئەم کوێستانە بێ ئاو و وشکە، بە جۆرەها دارودرەخت و بەرووبووم بڕازێنێتەوە. نین.هوور.ساگ بەم چەشنە دوو گیان دەبێ بە ژیان و پێویستییەکانی ژیان و لە ئەنجامدا لە ماوەی نۆ ڕۆژی دووگیانبوون، کە هێمایە بۆ نۆ مانگی دووگیانبوونی ئافرەتان، دیلموون ئاوەدان دەکاتەوە. خواوەند نین.هوور.ساگ خواردن و دەستبردن بۆ چەند ڕووەک و میوەیەک قەدەغە دەکا، بەڵام خواوەند ئین.کی بێ ڕێزی بەم فرمانەی نین.هوور.ساگ دەکا و ئەم گیا و بەرووبوومانەی قەدەغەکرابوون، دەخوا. بەهۆی ئەم نافرمانییەوە نین.هوور.ساگ لێی تووڕە دەبێ و نەفرەتی لێدەکا و سزای دەدا. ئەم دیمەنە هاوشێوەی دیمەنی قەدەغەشکێنی ئادەم و حەوا لە بەهەشتی دینە ئاسمانییەکانە کە تێدا بەهۆی ئەم نافرمانییە لە بەهەشت دەرکران و بۆ زەوی ڕاگواستران.

### ٤-٤: داتەپین

قەدەغەشکێنی و نافرمانی کردنی خواوەند ئین.کی، توورەبوونی خواوەند نین.هوور.ساگی لێکەوتەوە. بەم هۆیەوە نین.هوور.ساگ تووکی لە ئین.کی گرت و بەنەفرەتی کرد و تەندرووستی لێسەندەوە. لێسەندنەوەی تەندرووستی هێمایە بۆ داتەپین لە لوتکەوە بۆ خوارەوە. لە دەقی دینیی دینە ئاسمانییەکاندا ئادەم و حەوا دوای نافرمانی و خواردنی بەری داری زانایی، لە بەهەشت دەرکران و بۆ سەر زەوی دابەزێنران، بەڵام لە ئەفسانەی سۆمەری (کوور دیلموون کی)دا داتەپین بەم چەشنەی ئادەم و حەوا نییە و بەڵکوو تووشی نەخۆشی دەبێ. ئەمەش هێمایە بۆ ئەوەی قەدەغەشکێنی لە ئەفسانە و دیندا سزای توندی بەدوادا دێ.

### ٤-٥: تێکچوونی هاوسەنگی

نەخۆش کەوتنی خواوەند ئین.کی، لاوازبوونی ئەم خواوەندەی لێکەوتەوە و بەم چەشنە ئاگای لە کاروباری بەڕێوەبردنی کوێستانی دیلموون نەما. لە یەکەم هەنگاودا سەرچاوەکانی ئاو وشکیان کرد و بەم هۆیەوە وشکەساڵی دیلموونی گرتەوە. ئەمەش هێمایە بۆ ئەم وشکەساڵییەی کە جارجارە لە زەویدا ڕوودەدەن و هۆکارەکەی لەم ئەفسانەیەدا بەمجۆرە دەسنیشانکراوە.

### ٤-٦: گەڕانەوە

بارودۆخی ناهەمواری کوێستانی دیلموون و تێکچوونی هاوسەنگی ژیان و کاولبوونی نیشتمانی خواوەندان، بووە هۆی نیگەرانی و ناڕەزایەتی ئەنجوومەنی خواوەندانی سۆمەری کە بە ئەنجوومەنی خواوەندانی ئانووناکی ناوبراوە. ئانووناکییەکان بۆ ئەم نەخۆشی و بارە ناهەموارەی خواوەند ئین.کی تێیکەوتووە دەستیان بە شینگێڕان کرد. پاشان کۆبوونەوە و دوای ڕاوێژکردنێکی زۆر، (خواوەند ئین.لیل)یان ڕاسپارد، بڕواتە لای خواوەند نین.هوور.ساگ و داواکاری ئەنجوومەنی خواوەندانیان پێشکەش بکا. ئەنجوومەنی خواوەندان داوایان لەم خواوەندە ئەوە بوو دووبارە تەندرووستی بۆ خواوەند ئین.کی بگەڕێنێتەوە، تاکوو ژیان و ئاوەدانی بۆ کوور.دیلمون.کی بگەڕێتەوە. خواوەند ئین.لیل دوابەدوای گفتوگۆیەکی زۆر و بەبیرهێنانەوەی ئەو هەموو خزمەتانەی کە خواوەندان بەگشتی و خواوەند ئین.کی کردوویانە، داوای لێکرد تەندرووستی بۆ ئەم خواوەندە بگێڕێتەوە. نین.هوور.ساگ بەم داوایە ڕازی دەبێ و بڕیار دەدا تەندرووستی و ژیان بۆ ئین.کی بگێڕێتەوە. ئەم بابەتە هێمایە بۆ گەڕانەوەی پاڵەوان لە ئەفسانەدا دوابەدوای داتەپین و رووچوون بەناو کێشە و گرفت.

### ٤-٧: ئافراندنی خواوەندان

نین.هوور.ســاگی خواوەنــدی زاوزێ و دایکــی نیشــتمانی چیاکــان، یەک یەک نەخۆشییەکانی خواوەند ئین.کی دەسنیشانکرد و بۆ هەتوانکردنی ئازار و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی، کۆمەڵێک خواوەندی ئافراند. ئەم خواوەندانە هەر یەکەیان بۆ چارەسەری نەخۆشی و ئازارێک بەدی هاتن و بەم چەشنە خواوەند ئین.کی چارەسەر کراوە و وەکوو ڕابوردوو، جارێکی دیکە وەکوو خواوەندێکی تەندرووست و خاوەن بڕیار لە دیلموندا دەسەڵاتی گرتەوە دەست. خواوەندە ئافرێنراوەکان هێمای بنیاتنانەوەی هاوسەنگی و ژیان و ئاوەدانی بوون و ئەرک و بەرپرسیارێتی هەڵسووڕاندنی بەشێک لە ژیان و ئاوەدانیان پێسپێردرا. گرنگترینی ئەم خواوەندانە، خواوەند ئین.سا.ئەگ 𒀭𒂗𒊷𒀉 بوو کە ئەرکی بەڕێوەبردنی کوێستانی دیلمونی پێسپێردرا. لێکچوونێکی سەرنجڕاکێش لە نێوان ناوی ئەم خواوەندە و ناوی مرۆڤ (ئینسان)دا هەیە.

### ٤-٨: ئافراندنی مرۆڤ

خواوەند ئین سا ئەگ، لەلایەن ئین.کییەوە شانازی سەروەری کردن بەسەر کوێستانی دیلمونی پێگەیشت. لە یەکێک لە ئەفسانە سۆمەرییەکانی دیکەدا چیرۆکی ئافراندنی مرۆڤ لەلایەن خواوەند ئین.کی و خواوەند نین.هوور.ساگ گێڕدراوەتەوە کە تێیدا ئەم دوو خواوەندە بڕیار دەدەن، مرۆڤ بخوڵقێنن، تاکوو زەوی ئاوەدان بکەنەوە و ژیان بڕازێننەوە. بەم چەشنە دەشێ بگوترێ خواوەند ئین سا ئەگ، هەمان ئینسان یان مرۆڤە کە لەلایەن ئەم دوو خواوەندە ئافرێنراوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەفسانەی کوور.دیلمون.کی لە کۆمەڵێک ڕووداوی جیاواز و لە هەمان کاتدا پێکەوە گرێدراو، پێکهاتووە. بەوردبوونەوە لە گەنجینەی ئەدەبیاتی سۆمەری دەردەکەوێ هەر یەک لەم ڕووداوانە لە سەردەمەکانی دواتردا وەکوو کەرەسەیەکی خاو بوونەتە هەوێنی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک ئەفسانەی دیکە بۆ نموونە، ئەفسانەی ئافراندنی خواوەندان، ئەفسانەی ئافراندنی مرۆڤ و ئەفسانەی تۆفان. لەم دەقەدا لە پرۆسەی ئافراندنی خواوەند ئین.سا.ئەگ دا دیمەنێکی دوور و تاڕادەیەک لێڵی ئافراندنی مرۆڤ لە ئەفسانەی سۆمەریدا بەرچاو دەکەوێ. هەروەها لە ڕووداوی نقووم کردنی دیلمون لەناو ئاودا لەلایەن خواوەند ئین.کی، دیمەنێکی دووری ئەفسانەی تۆفانی سۆمەری بەرچاودەکەوێ. یان ئەفسانەی قەدەغەشکێنی و داتەپین و سزادانی نافرمانی و ...هتد

### ٥- دیلمون و کوردستان

ئەوەی لەم ئەفسانەیەدا واتا لە ئەفسانەی کوور.دیلمون.کیدا ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە دیلمون بە شوێنێکی جوگرافیایی دیاریکراو لەسەر گۆی زەوی زانراوە و هەمان ئەم باغ و گوڵزارەیە کە لە ئەدەبیاتی دینە ئاسمانییەکاندا بە بەهەشتی عەدەن ناسراوە. کەواتە کوور.دیلمون.کی هێمایەکە بۆ باغی خواوەندان و ژیانی هەتایی کە لەلایەن خواوەند (ئین.کی)یەوە لەسەر زەوی و لە هەرێمی چیاکان لە باکووری نیشتمانی سۆمەریدا بنیاتنراوە. بەڵگە بۆ ئەم تێڕوانینە ئەوەیە کە وشەی (کوور) لە ئەدەبیاتی سۆمەریدا وەکوو هێما بۆ ناوچەی چیایی و کوێستانەکان بەکارهاتووە. بەپێی سیستەمی نووسین و ڕێزمانی سۆمەری ئەم وشەیە ئیدیۆگرامە و ئاماژەیە بۆ ناوچە یان هەرێمی چیاکان و وەکوو پێشگرێک لە پێش ناوی شوێن دەردەکەوێ و ئەرکی دیارخەری ناوی وەردەگرێ. بەم چەشنە کاتێک لە پێش ناوی دیلمون ئیدیۆگرامی (کوور) بنووسرێ، واتا دیلمون ناوچەیەکی شاخاوییە، بۆیە بە کوێستان دادەنرێ. لە دەقی ئەم ئەفسانەیەدا بە ئاشکرا دیلمون بە شوێنێکی جوگرافیایی زانراوە و لە هزر و ئەندێشەی سۆمەرییەکاندا ناسراو بووە. لە دەقی ئەفسانەکەدا ئاماژە بەوە دەکرێ ئەم نیشتمانە پاک و ڕازاوە بووە و نەخۆشی، پیری و مردنی تێدا نەبووە و بەم هۆیەوە لەم سەردەمە و لەم ژینگەیەی کە سۆمەرییەکان تێیدا دەژیان، دوور و جیاواز بووە. ئاماژە بەوە کراوە کە خواوەند و مرۆڤەکان بە ئاسوودەیی تێیدا ژیاون، بۆیە وەکوو نیشتمانێکی نموونەیی سەیریان کردووە و بە زێدی ڕەسەن و هەرمان و هەتاهەتایی گەلی سۆمەری دانراوە.

کوێستانە ڕازاوە و پڕئاو و سەرسەوزەکانی کوردستان کە دەکەونە باکووری نیشتمانی سۆمەر، هاوتەریبە لەگەڵ تێڕوانین و جیهانبینی سۆمەرییەکان بۆ ئەم شوێنە نۆستالۆژییەی باپیرانیان کە لە ڕابوردووەکی دوورەوە بەجێیان هێشتووە و یاد و بیرەوەرییەکەی لە دڵ و دەروون و کۆنەستی ئەم مرۆڤانەدا نیشتەبووە و وەکوو کەرەسەیەکی خاو لە چوارچێوەی ئەفسانەکانیاندا دەرکەوتووەتەوە. بێگومان لە مێژوودا چەندین شوێنی جوگرافیایی بەناوی دیلمون، دیلمان و دەیلەم و ...هتد ناویان لە کتێبی جوگرافیزاناندا تۆمارکراون. لە کتێبی (دیلمون پارسی)دا پشکنین و گەڕانێکی ورد بەناو سەرچاوە مێژوویی و جوگرافییەکاندا کراوە و دواجار بەمەبەستی دەسنیشانکردنی شوێنی جوگرافیایی دیلمون گوتراوە: سەرجەم هەرێمەکانی نێوان گەیلان و زنجیرە چیاکانی هەرەبەرز و ئازەربایجان (کوردستان) تا دەگاتە خوارووی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، دیلمون یان دیلمانی پێگوتراوە.(عمای، ١٣٩٢، ١٥-٢١) ئەم تێڕوانینە نیشاندەدا دیلمونی سۆمەری هەمان کوردستانی دێرینە کە لە باکوورەوە تاکوو خواروو دیلمون یان دیلمانی پێگوتراوە. ئەوەی ڕاستیبێ تاکوو ئەمڕۆش لە کوردستانی گەورەدا چەندین شوێنی جیاواز بەناوی

دیلمـون، دیلمـان و نـاوی هاوڕیشـەی وەکـوو دێلـزێ، دێڵزیـان و ...هتـد هەر مـاوە و بەشـێک لە جوگرافیـای خـاکـی کوردسـتان پێکدێنن. جگەلەوەش بەشێک لە دانیشـتووانی بـاکووری کوردسـتان بەهـۆی شـێوەزاری ئاخاوتنیـان بە دیملـی ناسـراون کە لە بنەڕەتـدا ئەم ناوەیـان لە شوێنی دانیشـتن و زێدەکەیانەوە وەرگرتووە کە هەمان دیملیکان یان دیلمونە. لە کتێبی (زیـان زازا یـان دیمیلـی)دا هـاتووە: لێکـۆڵینەوە زمانناسـییەکان دەریـدەخەن دیملـی یـان زازاکییەکان، خەڵکی ڕەسەنی ناوچەی دیلمانن و شێوەزارەکەیان سەر بە زمانی کوردیی باکوورییە و تـاڕادەیەکیش لەگەڵ زمـانە جیاوازەکـانی کەنـاری دەریـای قەزویـن وەکـوو گیلەکـی، مـازنی، تالێشـی و...هتـد نزیکـایەتی هەیە.(مرشـدی، ١٣٩٢، ١٢) بیگومـان ئەم نزیکـایەتییە بـۆ هاوبەشـی فەرهەنگـی و مێژوویـی ئەم نەتەوە و هـۆزانە دەگەڕێـتەوە کە لە سەردەمی کۆندا لەژێر فرمانڕەوایەتی دەوڵەتی ماد و دواتر ئەشکانی و ساسانیدا بوونە. بەپێی جوگرافیـای زمـانیی، ئەم زمـان و زار و شـێوەزارانەی لە دەوروبەری دەریـای قەزویـن تـا دەگـاتە دەریـای ناوەڕاسـت بڵاوبـوونە، بە سـنووری دیلمـونی دێـرین ناسـراوبووە. هەر لەبەر ئەوەشـە کە زازاکـی بە دیلمـونی یـان دیملـی ناسـراوە و بەم چەشـنە دەشـێ بگـوترێ: ((سـەرجەم شـێوەزارەکانی زمـانی کـوردیی و هەنـدێ لە زمانەکـانی نـاوچەی دەریـای قەزویـن وەکـوو گیلەکی، مازنی، تاتی، تالیشی، ئاسی و ...هتد، شێوە نوێکەی زمانی (پالەیی)ن کە ئەویش لە بنەڕەتـدا شـێوە گەشەسـەندووەکەی زمـانی مادییە.(حەسـەن، ٢٠٢٣، ٦٣) ئەمەش هۆکـاری نزیکایەتی یان خزمایەتی نێوان شێوەزاری دیملی یان زازاکی و هەندێ لە زارە کوردییەکان لەگەڵ زمانی گیلەکی و مازنی و تالشی ئاشکرادەکا.

بەشێوەیەکی گشتی لە هەزاران پارچە نووسراوی چیلکەییدا ناوی دیلمون وەکوو شـوێنێکی جوگرافیـایی ئەفسـانەیی و مێژوویـی تۆمـار کـراوە. ئەمەش دەیسـەلمێنێ چەنـدین ناوچەی جیاواز لە سەردەمی کۆن و نوێدا بەم نـاوە تۆمـار کـراون. بەتـایبەتی ئەم تۆمـارانە پتـر دیلمـون بە نـاوچەیەکی بازرگـانی دەناسـێنن. بەپێـی دۆزراوە شوێنەوارناسـی و نووسـینە بازرگانییە دێرینەکان ئەم نیشتمانە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین زۆر پێشکەوتوو بووە و زانایـان مەزەنـدە دەکەن سـەرەڕای ئەوەی شـوێنی بـاغی عەدەنـی ئەفسـانەیی بـووە. هەروەهـا وێسـتگەیەکی بازرگـانی گرنگـی نێـوان میزۆپۆتامیـا، دۆڵـی سـیند و شارسـتانییەتە دێرینەکـانی دیـکەش بـووە. (کراوفـورد) سـەبارەت بەم بـابەتە دەنووسێ: دیلمـون یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی ناوچەی کەنداو لە هەزارەی سێیەم و سەرەتای هەزارەی دووەمـی پێش زایـین بـووە کە لە دەقە چیلکەییەکانـدا نـاوی هـاتووە. دیلمـون لەلایەک نیشـتمانێکی ئەفسـانەیی بـووە کە بە مـاڵی زیوسـوودرا واتـا نـوحی سـۆمەری دانـراوە و لەلایەکـی دیـکەوە ناوەندێکی بازرگانی پێشکەوتوو بووە.(Crawford, 2001, 9) بەم چەشنە دیلمون بەپێی دەقە دێرینەکان دوو ڕەهەندی ئەفسانەیی و مێژوویی هەیە. ڕەهەنـدە ئەفسانەییەکەی پەیوەستە بە

دەقە ئەدەبییە سۆمەرییەکان و ڕەهەندە مێژووییەکەشی بە دەقە بازرگانییە دێرینەکانی سۆمەریی و پاش سۆمەرییەوە گرێدراوە.

گەڕان و پشکنینە شوێنەوارناسییەکان سەبارەت بە دۆزینەوەی دیلمون، ئاشکرا دەکەن دوورگەکانی بەحرەین لە کەنداودا هەمان دیلمونی ئەفسانەیی و مێژووییە کە لە دەقە دێرینەکاندا هاتووە. بێگومان ئەمە تێڕوانینی زۆرینەی سۆمەرناس و شوێنەوارناسانە، بۆ نموونە (ستێفان لانگدۆن) دەڵێ: دێلیتشێچ چەندین ساڵ پێش، دوورگەی بەحرەینی بە دیلمون ناساند، ئەگەرچی ئەم زانایە بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە بەرگری لە بۆچوونەکەی نەکرد، بەڵام ئەم تێگەیشتنە بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن توێژەرانەوە پەسندکرا. هۆکاری ئەم پەسندکردنە لەلایەن توێژەرانەوە بۆ ئەم نووسراوە بەردییانە دەگەڕێنەوە کە لەلایەن سارگۆنەوە سەبارەت بە دیلمون نووسراون و تێیدا سارگۆن باسی هێرشەکانی بۆ بەیت جاکین و ئیلام دەکا و دەڵێ: ئاپیریی، پاشای دیلمون، کە نشینگەیەکی لە ناو دەریا بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات، وەکوو ماسی، لە دووری ٣٠ کەسیگی هەبوو، ئاگاداری هێز و توانای من بووەوە و کۆمەڵە دیارییەکی ڕەوانە کرد.(Langdon, 1915, 9) زانایانی ئەم بوارە سەرەڕای ئەوەی باوەڕیان وایە دێلیتشێچ تەنیا وەکوو گریمانەیەک لەم بابەتەی ڕوانیوە، بەڵام وکوو تێڕوانینێکی گشتی و تاڕادەیەک چەسپاو باوەڕیان پێ هێناوە. بۆ نموونە توێژەری ئێرانی (میهردادی بەهار)یش ئەم ڕایەی پەسندکردووە و لە هەمان کاتدا سیمایەکی ئێرانی پێداوە و دەنووسێ: ((سۆمەرییەکان لە ناوەڕاستی ئێران و لە کەنداوەوە بەرەو سۆمەرستان ڕۆیشتوون، واپێدەچێ لە ناوچەی فارسدا نیشتەجێبووبن و زۆر بەباشی شارەزای باشووری کەنداو بوونە، پێدەچێ بەحرەین بەهەشتی ئەمانە بووبێ.))(بهار، ١٣٨١، ٣٤٥) ئەم توێژەرەش تەواو دڵنیا نییە، بەڵام هەوڵدەدا گریمانەکە بەسوودی ئێران و هەرێمی فارس نشین بشکێنێتەوە.

ئەم دەقەی سارگۆن وەکوو بەڵگەیەک لەلایەن توێژەرانەوە پشتی پێبەستراوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ دیلمون هەرێمێکی دوورگەیی یان نیمچەدوورگەییە و دەکەوێتە خوارەوەی سۆمەر و بەم چەشنە بەحرەین شیاوترین شوێنە بۆ دەسنیشانکردنی دیلمونی ئەفسانەیی و دیلمونی مێژوویی، بەڵام بێگومان دەقێکی لەم چەشنە کە مێژووەکەی بۆ دەورووبەری سەدەی حەوتەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، نابێتە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ دەسنیشانکردنی دیلمونی ئەفسانەیی؛ چونکە لەم جۆرە دەقانەدا ناوی ئەم نیشتمانە بەشێوەی (دیلمون کی) هاتووە، بەڵام لە دەقە دێرینەکاندا جا چ دەقی ئەدەبی یان دەقی بازرگانی بووبێ، بەم شێوەیە (کوور. دیلمون. کی) هاتووە. ئەمەش نیشان دەدا جیاوازی لەنێوان دیلمون وەک هەرێمی شاخاوی و دیلمون وەک ناوچەیەکی دەشتایی کراوە.

ناوهێنـانی کوور.دیلمـون.کی بەپێـی دەقە ئەدەبـی-ئەفسـانەیی و هەروەهـا بازرگانییەکـان، لە ناوهێنانی دیلمون کی لە دەقە بازرگانییەکاندا کۆنترە.






لە ئەنجامی پشکنین و گەڕاندا ئاشکرا دەبێ دەیان دەقی دیکەی لەم چەشنەی دەقەی سـارگۆنی ئاشـووری لەبەردەسـتدان کە زۆر کـۆنترن و ئامـاژە بە نیشـتمانی دیلمـون وەکوو ناوەندێکی بازرگانی دەکەن و لە هەمان کاتدا ئاماژە بە کوێستانیی بوونی دیلمون دەکەن و شوێنە جوگرافییەکەی بۆ بـاکووری سۆمەر دەگەڕێننەوە. بۆ نموونە لە دەقێکـی چیلکەیـی کە لە بـریتیش موزیـوم بە ژمـارە (P449048 56 25) پـارێزراوە و مێـژووەکەی بـۆ (٢٩٠٠)ی پ.ز دەگەڕێتەوە، هاتووە: ((بۆ ئامائولگا، یەک گۆزە ئـاوی جۆی نایاب، بۆ کوڕی دیلمون.))(Nisaba 25, 61 ) واتا گۆزەیەک ئاوی جۆ بۆ کەسێک تەرخان کراوە کە خەڵکی دیلمـونە. لێـرەدا دەردەکەوێ دیلمـون لە سـەرەتای هەزارەی سـێیەمی پـێش زایـین هەرێمێکـی جوگرافیایی و مێژوویی بووە و خەڵکی تێدا ژیاوە. لە دەقێکی دیکەدا کە مێژووەکەی بۆ دەورووبەری (٢٥٠٠)ی پ.ز و بـۆ سـەردەمی پاشـا ئوورنانشـێ دەگەڕێـتەوە، تێیـدا بـاس لەم پەرستگانە کراوە کە ئەم پاشایە بنیاتی ناون و یەک یەک ناویـان دەبا. لە کۆتاییەکەیدا باسی چۆنیەتی گواستنەوەی داری پێویست بۆ دروستکردنی پەرستگەکان دەکا و دەڵێ: ((بەلەمەکـانی دیلمـون لە کوێسـتانەکانەوە بـۆ گواسـتنەوەی دار بەکـارهێنران.)) ( RIME 1.09.01.20 composite (P431054) ئەم دەقە دەیسـەلمێنێ یەکەم لە دیلمونـدا پیشـەی دارتاشـین بـاو بـووە و داری پێویسـتی بـۆ نیشـتمانی سۆمەر و نیشـتمانەکانی دیـکە دابـین کـردووە. دووەم دەیسـەلمێنێ دیلمـون نـاوچەیەکی چیـایی بـووە و لەرێـگەی ئـاوییەوە داری پێویست بۆ سۆمەر گواستراوەتەوە. بێگومان هەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕات لە کوردستانەوە سەرچاوە دەگرن و لە باکوورەوە بەرەو خوارووی شۆڕ دەبنەوە.


لە دەقێکـی دیـکەدا کە بـۆ سـەردەمی (گودێئـا)ی پاشـای لاگـاش دەورووبەری (٢١٠٠)ی پ.ز دەگەڕێـتەوە ئامـاژە بە هـاوردەکردنی دار بەمەبەسـتی دروسـتکردنی کەشـتی کراوە کە ناوی دیلمونیش لە لیستی ناوی ئەم هەرێمـانەدا هـاتووە: ((گودێئـا کە گۆچانی فرمانڕەوایەتی پێدراوە لە ماگان، مەلوجە، گوبین و کوور دیلمـون، ئەم هەرێمـانەی کە داری زۆر بەرهەم دێـنن، داری بـۆ لاگـاش هێنـا.))(RIME 3/1.01.07, St D composite P431886 ) ئەمەش دەیسەلمێنێ لە دیلموندا دار بۆ نیشتمانی سۆمەر هەنارده کراوە. لە دەقێکی دیکەدا کە دەقێکی ئامۆژگارییە و مێژووەکەی بۆ سەردەمی (١٩٠٠-١٦٠٠)ی پ. ز دەگەڕێتەوە، باس لە تەوری دیلمـون دەکـا. ئەم دەقە بەم ڕسـتەیە دەسـپێدەکا: ((پەنـدی مـن پشـتگوێ مەخە، ئامۆژگاری باوکێک بەنرخە)) پاش چەندین ئامۆژگاری بەسوود، دواجار دەگاتە ئەم ڕستەیە و دەڵێ: ((تەوری لە مز دروستکراوی دیلمون بۆ فرۆشتن دانراوە.))( CDLI Literary 000782,

(ex. 063 P346685) بەپێـی ئەم دەقە ئاشـكرا دەبـێ جـگە لە هەنـاردەكردنی دار، دیلمـون بە پیشەسازیش بەناوبانگ بووە و تەوری هەناردە كردووە.

لە دەقـی تۆفـانی سـۆمەریدا بـابەتێكی سـەرنجڕاكێش بەرچـاو دەكەوێ. دوابەدوای ئەوەی زیوسوودرا لە ڕووداوی تۆفان ڕزگاری دەبێ، خواوەنـد ئـان و خواوەنـد ئینلیـل بڕیـار دەدەن بە نەمری خەڵاتـی بـكەن، بۆ ئەم مەبەسـتە لە كوێستانی دیلمونـدا دایـدەنێن كە نیشـتمانی پیـرۆزی خواوەنـدانە. ((زیوسـوودرا سـەروەر بـوو. كڕنۆشـی بـۆ ئـان و ئێنلیـل بـرد. ئـان و ئینلیـل خەڵاتیـان كـرد. ژیـانی هەروەک خواكانیـان پێبەخشـی. ژیـانی نەمـرانەی وەكـوو خواوەنـدانیان پێبەخشـی. لەم كـاتەدا زیوسـوودرا سـەروەر بـوو. چـونكە گیـانەوەرە بچـووک و نەژادی مرۆڤـی پاراست. ئەویان لە نیشتمانی سەرووی ئاوەكان، لە كوێستانی دیلمون، ئەو جێیەی خۆری لێوە هەڵدێ، نیشتەجێ كرد.)) (CDLI Literary 000357 (Flood Story) composite(P469664) بەپێی ئەم دەقە دەردەكەوێ نیشـتمانی دیلمـونی ئەفسـانەیی و مێژوویـی لە سـەرەوەی دەریـای تـاڵ یـان كەنـداوە واتـا لە بـاكوورە. لەم دەقەدا دەسـتەواژەی (كوور.بـالا 𒆳𒁄 ) لەبـری نیشـتمانی سەروو بەكارهاتووە.

سۆمەرناسان لە لێكدانەوەی ئەم دەقە تاڕادەیەک تووشـی هەڵە بوونە، بۆ نمـوونە لە كتێبـی (گەڕان بەدوای دیلمـون)دا هـاتووە: دەبـێ ڕسـتەی كۆتـایی بەوردی تـاوتوێ بكـرێ، دەستەواژەی (كوور باڵا)، بەتەواوی ڕوون نییە. ئەمەش بەهۆی ئاڵۆزی زمانی سۆمەرییە، چونكە (كوور) واتا نیشـتمان و (باڵا) بەمانای پەڕینەوەیە و پێكەوە مانـای نیشـتمانی پەڕینـەوە دەدەن. لەلایەكی دیكەوە ئەو جێیەی خۆری لێوەهەڵدێ، تەواو ڕوون و ئاشـكرایە و وڵاتـی بەحـرەینە. ئەمەش بەپێی ئەم ڕاستییە چەسپاوەی كە سۆمەری و بابلییەكان بۆ ناوهێنـانی كەنداو سـێ دەستەواژە بەكار دەبەن كە بریتین لە: دەریای خواروو، دەریـای تـاڵ و دەریـای خـۆرهەڵاتن. بـۆیە زۆر ئاسـاییە ئەوان هەر شـوێنێكی كەنـاری دەریـا بە (بەم شـوێنەی كە خـۆری لێـوە هەڵـدێ) نـاوبنێن))(Bibby, 1970, 78) بەم لێكـدانەوانە تـوێژەر هەوڵیـداوە قسـەی كۆتـایی بكـا و بێگومان ئەم بابەتە وەها بە ئاسانی یەكلایی نابێتەوە، چونكە بڕیـاردانی ڕەهـا سـەبارەت بەم بـابەتە، هەڵەیەكـی گەورەیە. بەتـایبەتی ئەگەر پشـت بە بەڵـگەی لاواز ببەسـترێ. بەداخەوە وەک ئاشـــكرایە زۆربەی تـــوێژەرانیش پەســـندیان كـــردووە. لێـــرەدا بەمەبەســـتی باشـــتر ڕوونكردنەوەی ئەم تێڕوانینە و هەروەها ناوەڕۆكی ئەفسانەی تۆفانی سۆمەری، دەقە ڕەسەنەكە دەگوازرێتەوە و ئینجا بەوردی هەڵوەستەی لەسەر دەكرێ.

| دەقی سۆمەری | شێوازی خوێندنەوە | مانا |
|---|---|---|
|  | زی.ئوو.سوود.را<br>لووگال.ئەم | زیوسوودرا سەرومرە |
|  | ئیگی ئان ئێنلیل.لا.شێ<br>گیری کی سووئووب<br>با.گوب | نوێژی لەبەردەم خواوەند ئان و<br>خواوەند ئێنلیل کرد |
|  | ئان ئێنلیل زی.ئوو.سوود.را<br>می.ئێ.ئێش.دوو | خواوەند ئان و ئێنلیل، خەلاتیان کرد |
|  | تی دینگیر.گین<br>موو.ئون.نا.شووم.موو | ژیانی وەکوو خواوەندانیان پێبەخشی |
|  | زی دا.ری دینگیر.گین<br>موو.ئون.نا.ئەب.ئێ.دێ | ژیانی نەمرانەی وەکوو خواوەندانیان<br>پێبەخشی |
|  | ئوو.با<br>زی.ئوو.سوود.را لووگال.ئەم | ئەوها زیوسوودرا سەرومرە |
|  | موو نیگ.گیلیم.مە<br>نوموون نام.لوو.ئولوو ئوروو.<br>ئەک | چونکە گیانەوەرە بچووکەکان و<br>نەژادی مرۆڤی پاراست |
|  | کوور.بالا کوور دیلمون.نە<br>کی ئوتوو ئێ.شێ<br>موو.ئون.تی.ئێش | لە نیشتمانی سەروو، لە کوێستانی<br>دیلموندا لەوجێیەی هەتاو هەڵدێ،<br>نیشتەجێیانکرد |

توێژەری کتێبی (گەڕان بەدوای دیلموندا) جەختی لەسەر دوا دێڕی دەقی ئەفسانەی تۆفانی سۆمەری کردووە و پێیوایە (کوور.بالا ) بەهۆی ئاڵۆزی زمانی سۆمەری، تاڕادەیەک ماناکەی نادیارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەمانای نیشتمانی پەڕینەوە ماناکەی لێکداوەتەوە. پەڕینەوە لەچی؟ بێگومان ئەمە مانای ئەم دەستەواژەیە نییە. (کوور) لە زمانی سۆمەریدا بەمانای ناوچەی شاخاوی، کوێستان و هەروەها نیشتمان دێ. (بالا ) لە زمانی سۆمەریدا هەمان وشەی باڵا بەمانای سەروو و بەرزە کە ئێستاش لە زمانی کوردیدا هەر بەکاردێ. کەواتە لێرەدا توێژەرانی بیانی بەهۆی ئەوەی پێشوەختە بڕیاریان داوە بەحرەین بە شوێنی جوگرافیایی دیلمون دەسنیشان بکەن و ئەم بابەتەیان لای خۆیان یەکلایی کردووەتەوە، بەم چەشنە تێکەوتوون؛ چونکە ئەگەر بەمانای نیشتمانی پەڕینەوە لێکی بدەنەوە، ئەوە یەکسەر دوورگە بە خەیاڵدا دێ. واتا ئەو شوێنەی کە بۆ گەیشتن پێی، دەبێ لە ئاو بپەڕنەوە. هەروەها (بیبی) هەڵوەستە لەسەر ئەم ڕستەیە دەکا: ((ئەو شوێنەی هەتاوی لێوە هەڵدێ.)) مانای ئەم ڕستەیە بە مانای کەنداوەوە دەبەستێتەوە کە لەلایەن سۆمەری و بابلییەکان (دەریای خۆرهەڵاتن)ی پێگوتراوە. ئەوەی ڕاستیبێ، توێژەرانی بیانی سەرچیخ

چوونه و نەیانتوانیووە بە قووڵایی مانای دەقە ئەفسانەییەکانی ئەدەبیاتی سۆمەریدا ڕووبچن، چونکە لە دەقی ئەفسانەی (کوور.دیلمون.کی)دا لەو کاتەی خواوەند ئین.کی بڕیاردەدا سەرووچاوەی ئاوە زوڵاڵ و شیرینەکانی ژێر زەوی بتەقنەوە، داوا لە خواوەندی هەتاو دەکا پشتیوانی بێ و دەرکەوێ و بەرەو دیلمون هەنگاو هەڵبڕێ. لە دەقی ئەفسانەی تۆفاندا بەڕاشکاوانە گوتراوە لە کوێستانی دیلمون کە هەتاوی لێوە هەڵدێ، نەگوتراوە لە دیلمونی دەریای خۆرهەڵاتندا. بەم چەشنە دەردەکەوێ تێڕوانینی توێژەرانی بیانی سەبارەت بە دەسنیشانکردنی شوێنی ئەفسانەیی و مێژوویی دیلمون هەڵەبووە و بەپێی تێڕوانینی ئەفسانەیی و هەروەها بەپێی دەقە مێژووییە بازرگانییەکانیش، مەبەست لە دیلمون کوردستان یاخود کوێستان و ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانی دێرین بووە.

## ئەنجام

١. (کوور. دیلمون.کی) ئەفسانەیەکی دێرینی سۆمەرییە و لە چەندین ڕووداوی گرنگ پێکهاتووە کە دواتر هەریەک لەم ڕووداوانە لە ئەدەبیاتی سۆمەریدا دەبنە کەرەسەی خاو بۆ ئەفسانەسازی و ئەفسانەی دیکەی لێوە بەرهەم هاتوون وەکوو ئەفسانەی ئافراندنی خواوەندان، ئەفسانەی ئافراندنی مرۆڤ، ئەفسانەی تۆفان و ...هتد.

٢. ئەم ئەفسانەیە نیشاندەری تێڕوانین و جیهانبینی کۆمەڵگەی سۆمەری بۆ دامەزراندنی شارستانییەت لە ڕۆژگارە دێرینەکانە کە خۆی لە چەند قۆناغێکی جیاواز و پێکەوە گرێدراودا دەبینێتەوە و بریتین لە: یەکەم، دەسپێکی ژیان و شارستانییەت بەهۆی ئاو و ئاودێری. دووەم، دامەزراندنی هاوسەنگی لەڕێگەی دەسنیشانکردنی یاسا ئاسمانییەکان. سێیەم، ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان خواوەندەکان و دیاریکردنی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانیان. چوارەم، بایەخدان بە گیادەرمانییەکان بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشییەکان.

٣. لەم ئەفسانەیەدا بەپێی دەق و باری مانایی وشە و دەستەواژەکان، دەردەکەوێ کوور.دیلمون. کی لەڕووی جوگرافیاییەوە پەیوەستە بە باکووری میزۆپۆتامیا و هەرێمەکانی سەرووی سۆمەرستانەوە. واتا کوێستانەکانی کوردستان، نیشتمانی پیرۆز و دێرینی سۆمەرییەکانن کە لە سەردەمێکی مێژووییدا بەهەر هۆکارێک بێ، کۆچیان لێکردووە و بەرەو خوارەوو دابەزیون.

٤. توێژەرانی بیانی بەهۆی نامۆبوونیان بە زمان و کولتوور و شارستانییەتی کوردەوە، لە لێکدانەوەی وشە و دەستەواژە و بەشێوەیەکی گشتی مانای بنچینەیی ئەفسانەکە تووشی هەڵە بوونە و بەهۆی ئەم لێکدانەوە هەڵانە لە دەسنیشانکردنی دیلمونی ئەفسانەیی و مێژوویی بە دوورگەی بەحرەین لە باشووری نیشتمانی سۆمەری سەرچیخ

چوونە. لەم توێژینەوەیەدا بەپێی بەڵگە زمانی و فەرهەنگی و مێژووییەکان تاوتوێی ئەم بابەتە کراوە و لە کۆتادا بەپشتبەستن بەم بەڵگانە باکووری میزۆپۆتامیا و کویستانەکانی کوردستان بە کوور.دیلمون.کی دەسنیشانکراوە.

**سەرچاوەکان**


١. بهار، مهرداد (١٣٨١) از اسطوره تا تاریخ، نشر چشمه، چاپ سوم، تهران

٢. حەسەن، فەرهاد عەزیز(٢٠٢٣) دەروازەیەک بۆ مێژووی زمان و ئەدەبی کوردی لە رۆژگاری کۆندا، ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر

٣. عمادی، عبدالرحمن(١٣٩٢) دیلمون پارسی و دیلمون پالوی، نشر آموت، چاپ اول، تهران

٤. مرشدی، سیاوش(١٣٩٢) زبان زازا (دیملی)، انتشارات نشر، چاپ اول، تهران

5- Bibby. Geoffrey (1970) Looking for Dilmun, Second Published, Published by Alfred A. Knope, INC. NewYork.

6- Crawford. Harriet (2001) Early Dilmun Seals from Saar Art and Commerce in Bronze Age Bahrain, Published in Great Britain.

7- Langdon. Stephan (1915) Sumerian Epic of Paradise, The Flood and The Fall of Man, Philadelphia Published by The University of Museum. cdli.mpiwg-berlin.mpg.de/artifacts/449048

8- Literary artifact dated to the Old Babylonian (ca. 1900-1600 BC) period cdli.mpiwg-berlin.mpg.de/artifacts/469664

9- Literary artifact dated to the Old Babylonian (ca. 1900-1600 BC) periodcdli.mpiwg-berlin.mpg.de/artifacts/469514

10- Literary tablet excavated in Ur (mod. Tell Muqayyar), dated to the Old Babylonian (ca. 1900-1600 BC) period and now kept in British Museum, London, UKcdli.mpiwg-berlin.mpg.de/artifacts/346685

11- Official or display artifact excavated in Girsu (mod. Tello), dated to the Lagash II (ca. 2200-2100 BC) periodcdli.mpiwg-berlin.mpg.de/artifacts/431886

12- Official or display artifact excavated in Girsu (mod. Tello), dated to the ED IIIb (ca. 2500-2340 BC) periodcdli.mpiwg-berlin.mpg.de/artifacts/431054

وێنەی ژمارە: ١

ڕووی پێشەوەی دەبەقووڕی ئەفسانەی کوور.دیلمون.کی



وێنەی ژمارە: ٢

ڕووی پشتەوەی دەبەقووڕی ئەفسانەی کوور.دیلمون.کی



# کور دیلمون کی (𒆳 𒉌𒌇𒆠) اسطوره بهشت سومری


**چکیده**

جامعه سومری یکی از قدیمی‌ترین جوامع بشری است که از طریق اسطوره‌سازی سعی کرده است تجربیات و دیدگاه‌های خود را درباره زندگی و گیتی ثبت کند. سومریان از طریق اختراع نوشتار توانستند اسطوره‌های خود را روی لوحه‌ها ثبت کنند. یکی از قدیمی‌ترین اسطوره‌های ثبت شده در سومر، اسطوره‌ی «کور دیلمون کی» است. دیلمون یا کوهستان دیلمون در اساطیر سومری به عنوان همان مکان اسرارآمیز و رؤیایی شناخته می‌شود که در فرهنگ و دانش بشری به بهشت شناخته شده است. در این اسطوره، دیلمون به عنوان مکانی منحصربه‌فرد و زیبا و رازآلود توصیف شده است. کوهستانی رازآلود که زمین آن با آب‌های شیرین پر شده و شرایطی مناسب برای زندگی فراهم کرده است. رویدادهای این اسطوره نمایانگر دیدگاه سومریان درباره تشکیل جوامع انسانی در منطقه میانرودان شمالی است و همچنین تصویری از آدم و حوا و توصیف بهشت، که بعدها در دین‌های آسمانی به وجود آمدند، ارائه می‌دهد. در این تحقیق، بر اساس نظریه اسطوره‌شناسی تحلیلی، سعی شده تا متن اسطوره‌ی کهن سومری تحلیل و بررسی شود. همچنین در جهت درک بهتر محتوا، متن سومری مورد مطالعه و تحقیق قرار داده شده است. یکی از نتایج به‌دست آمده در این تحقیق این است که منظور از «کور دیلمون کی»، همان کوهستان‌های رازآلود کردستان بوده است.



**واژه‌های کلیدی:** *اسطوره، کور دیلمون کی، بهشت سومری، کوهستان‌های کردستان، میسوپتامیا.*

**Kur Dilmun Ki ((𒆳𒉌𒌇 𒆠): The Sumerian Paradise Myth**


**Abstract**

The Sumerian civilization is one of the oldest human societies, which, through Mythopoesis, attempted to document its experiences and worldview concerning life and the cosmos. Through the invention of writing, the Sumerians were able to record their myths on clay tablets. One of the oldest recorded myths in Sumer is the myth of "Kur Dilmun Ki." Dilmun, or the Mountain of Dilmun, in Sumerian mythology, is recognized as the same mysterious and dreamlike place that, in human culture and knowledge, is known as paradise. In this myth, Dilmun is described as a unique, beautiful, and enigmatic place—an enigmatic mountain where the land is filled with sweet waters, providing ideal conditions for life. The events of this myth reflect the Sumerians' view on the formation of human societies in the northern Mesopotamian region, and also provide an image of Adam and Eve and a description of paradise, which later became central to celestial religions. This research, based on the theory of analytical mythology, attempts to analyze and examine the ancient Sumerian text. Additionally, in order to better understand its content, the Sumerian text has been studied and investigated. One of the findings of this research is that the term "Kur Dilmun Ki" refers to the mysterious mountains of Kurdistan.



**Keywords:** *Myth, Kur Dilmun Ki, Sumerian Paradise, Mountains of Kurdistan, Mesopotamian.*